


**دوا ئەقلانیترین دەق بۆ رزگاری ئینسان لە هەموو جەوروستەمەکان بریتییە لە: ( هەرکەسێك بەگوێرەی پێویستی، هەر کەسێك بەگوێرەی توانای!).**

**لە 2006/3/14 لە خانەقی- سەرکەوتن بەخچەی گشتی مارکس دامەزرا و هێشتا کاری بۆ دەکرێ. مەبەست لەم باخچە گشتییە ئەوەیە، راستەوخۆ بە دانیشتوان بگوترێ، سیستێمێکی ئینسانیتر هەیە کە نە پێویستی بەپەرژینی پۆلایین هەیە و نە بە دینار و دۆلاری چڵکن و نە بە کڕین و فرۆشتن؛ نە بە گرانی و هەرزانی، نە بە باج و نە دزی یان ئێرەیی و هەموو رەوشتە شڕ و خوارەکانی سیستێمی موڵکایەتی!**

**زۆربەی ئەوانەی لەم پرۆژەیە کاریان کردووە، خۆبەخشانە کاریان کردووە و هەموویان خۆیان بە خاوەنی دەزانن و هەموو کەسێك دەتوانێ بەبێ بەرامبەر سوودی لێوەربگرێ و کار بۆ گەشەپێدانی بکات بەبێ ئەوەی ببێت بە موڵکی!. لەم باخچەیە داری بەبەر و سەوزیی جۆراوجۆر چێنراوە و دەتوانرێ بۆ ئاهەنگگێرانیش سوودی لێ وەربگرن. ئەم باخچەیە قوتابخانەیەکە بۆ فێربوون و ئاشنابوون بە سیستێمێکی ئینسانیتر، بەبێ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤی رێکخستن و حیزب بێت!**





**یەکێك لە ڕێکخەران و دامەزرێنەرانی باخچەی گشتی مارکس**

**سەلام عەبدوڵڵا**